خلەو بلەی ڕێگر



عەزیزی مەلای رەش

خلەو بلەی برا، هەڵسوکەوتی ژیان مرووەدەی ڕێگری کردبوون. کەچی هەر یەکەیان، لەئەدای کارەکەی خۆیدا هەڵوێستی لەگەڵ هەڵوێستی ئەوی تر جیابوو. بۆیە لەیەك دابڕان.

خلەهانای بۆ چیای ڕۆژهەڵاتی شارەکە بردو بلەش ڕۆژئاوا. ئەویان هیوایەتی بوو: هەر کەسێك بەناوچەکەیدا گوزەر بکات، لەپەناوە گوللەیەکی لەقەبرغەی گیر دەکردو دیمەنی پەلەقاژەی حەولەرووحا، تەزووی خۆشی و کەیفسازی پێدەبەخشی.

بلەش بەژەبری گوللە نانەوە بەژێر دەست و پێوە رووت و قووتی دەکردەوەو جا بەچەپڵەو قاقای پێکەنینەوە بەڕێی دەکرد.

خلە لەبلە بیرتیژو دووربین و زۆر زانتربوو، ڕۆژێك سەردانی کردو بەبن گوێی هەڵدا:

-برام بۆ نایەن ئەو کەلوپەلانەی ماوەی ئەوەندە ساڵەی کەوتوونەتە بەردەستمان و لێمان بوونەتە قەزا، بەسەر خەڵکی هەژارو نەبووەو بێباوك و بێوەژن و پەککەوتەی شارەکەمان دابەش بکەین! بەڵکی خوا دەکات دەبێتە پەردە پۆشی جەردەو ڕێگریەکەمانەوە.

بلە عەقڵی گرتوو..و لەو ڕۆژەوە، هەرچیان لابوو..و لەخۆیان زێدە بوو، بێ سێ و دوو بەسەر ئەوانەی باسکران دابەشکرد. بڕیاریشیاندا لەدەسکەوتی داهاتوویاندا درێغی لەم رووەوە نەکەن.

* * *

پێشتر نۆبات بەزارێکی پڕ غەزەب و دەردۆنگییەوە، ناویان بەم تەرزە دەبردن: "پیاوی دزو جەردەو ڕێگرن، روو رەشی دنیاو قیامەتن و هەردەم شایەنی تف و نەفرەتانن و هەرچەند لاگریان بووەستین لەخواو پێغەمبەرو مرۆڤایەتی نزیك دەبینەوە".

کەچی ئەم کارەیان بەسەر ئەو هەموو تاوانانەی ئەنجامیاندا بوو زاڵ بوو..و لەبیری خەڵکەکەی بەجارێك سڕینەوەو خێرو چاکە شوێنیانی پڕ کردەوە:

-بەخوا بابە خلەو بلە پیاوی خێرکەرن.

-کاری خێرکەرییە.

-دابەشکردنی ئەو کەلوپەل و شمەك و بابەتە زۆرانەیان بەسەر فەقیرو هەژاران گۆترە نییە.

-ناوەڵلاّ گۆترە نییە.

-بەتووڵی عەمریان پیاوی ئەوها چاو تێرو بەخشندەمان نەدیوە.

-ناوەڵلاّ نەمان دیوە.

-بەزم لێرەدایە، هەتا ئەمڕۆی حازری نەماننناسیبوون.

-کورە نەك هەر نەمان ناسیبوون، بگرە بەدزو جەردەمان لەقەڵەمدابوون.

-خۆراست دەکەیت.

* * *

خلەو بلە هەرکە پیاهەڵدانەکەیان بیستەوە بۆیان واژی بووەوە:

ئەگەر لەسەر پلانەکەیان بەردەوام بن ڕۆژێکدادێت ئەو هەموو کارە مەکروف و دزێوەی چەند ساڵەیان کە بەسەدان ئاو خۆڵە سۆر پاك ناپنەوە بەخەبات و تێکۆشان حسیب کرێن ڕۆژ بەڕۆژ مکورتر دەبوون و جار بەجاریش بەپارە، زیاتنیان بەگیرفانی خۆیان بۆ هێنانەدیی مەرامەکەیان دەگەیاند.

بەمە مەدح و سەناو بەخشندەیان بووە بنێشتە شینکەی سەر زاری گەورەو بچووکی شارەکەیان.

-بژی خلەی قارەمانی کۆڕی ژیانی سەردەم.

-بژی بلەی پیاو چاك و خێرەمەندی شارەکەمان.

زۆری نەبرد خۆشەویستیان لەدەوروونی خەڵکەکە واچەکەرەی کرد، چەند جوامێرو پیاوما قووڵ و ریش چەرموو بەخۆیان نەوەستان و دەلحازچوون بەدەست و پێ ماچ کردن و دەست و دامێنیان و پاش تکاو رجای حەزو موشتاقەوە، لەسەر شانی خۆیان هەڵگرتن و بەچەپڵەو گۆوەندەوە هێنایانەوە شارو خلە کرا سەرکردەی شارو بلەش جێگری. تەنیا مام (پیرمەند)ی حەفتاساڵەی بیرتیژو دنیا دیتە، نەبێت. پێ شێت و هاربوو..و بەچەپەڵۆکان وەرگەڕا سەرو گوێلاکی خۆی و پڕ بەزار هاواری کرد:

- من بیستوومە پیاو چاك و رابردوو پاك دەکرێتە سەرکردە. نەك دزو جەردەو ڕێگر.

خلە تا لەسەر پشت کەوت لەحریتەی داو گوتی:

- خۆت خەشیم هەڵمەیەخە: خوێنڕێژی و ڕێگری ڕێشمەی جلەوداریتییە.

-لەنیازت ناگەم.

- جەنابت حەفتا ساڵە دەستت لەخێرو چاکە نەگێڕایتەوەو پێشت لەمێروولەیەکی خواسایی نەناوە، ئەگەر حەفتا ساڵی دیکەش ئاوالەسر خێرو چاکە بەردەوام بێت جگێکی پووزە ناهێنێت و کەس لەم رووەوەگو بەکلاوت ناپێوێت، بەڵام ئەگەر یەك تاقە گوللەی خوێنڕێژی و تۆقێنەرت لەپشت بووایە لەمێژ بوو کرابوویە سەرکردەیەکی ڕێزگیراوی شارەکەت.

ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی ڕای گشتییدا

شاخەوان برایم عەبدوڵلاّ

دەزگاو دامەزراوە حکومییەکان بەتەواوی کەلوپەلەکانییەوە، مولکی هاونیشتمانیانەو دەبێ لەپێناو خزمەتکردن و خۆشگوزەرانی هاونیشتمانیاندا، بێ جیاوازی ئایدۆلۆژیاو ئینتیمای حزبی و باوەڕی ئایینی و میزاجی کەسێتی و خزم خزمێنەو... بەکاربهێندرێن، هەروەها ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی هاوولاتیان بکرێت لە بەکارهێنانیاندا. نابێت ئەو کەلوپەلانە لەپێناو بەرژەوەندی تاکە بەرپرسێك یان کەسێك بەکاربهێندرێن، چونکە ئەوکاتە دەبێتە هۆی گەندەڵی و دزیکردن لە سامان و مولکی هاونیشتمانیان.

لەراستیدا ئەوەی لێرەدا دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم کە زۆر جاری تریش لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و هاوولاتییانەوە قسەی لەسەر کراوەو ئەم دیاردەیەش هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، بگرە رووەو زیادیش دەچێت، ئەویش بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی دامودەزگا حکومییەکانە لەدوای دەوام و تەنانەت ڕۆژانی پشووی فەرمیش بۆ کاری تایبەتی بەکاردەهێندرێن و زۆرجاریش بێشەرمانە بەبەرچاوی خەڵکەوە سەرپێچی یاسایی دەکەن، تەنانەت لەکاتی وەستانیشیان فێنك کەرەوەکانیان ناکوژێننەوە، بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە لەدواییدا خەڵکی هەژاری ئەم وڵاتە زەرەرمەند دەبن بەوەی کە مەسروفاتی ئەو ئۆتۆمبێلانە لەسەر بوودجەی حکومەتەو حکومەتیش هی هاوولاتییانەو دەبێ هەموو هاوولاتییەك لێی سوودمەند بێت.

ئەگەرچی ئەو ڕاستییە باش دەزانم هەرکە ئەو بەرپرس و شۆفێرانەی کە بەکارهێنەری ئەو ئۆتۆمبێلانەن، ئەو نووسینەی من دەخوێننەوە پێکەنین دەیانگرێت و کەسیش لێیرسینەوەیان لەگەڵدا ناکات، بگرە ئەو دیاردەیە بەبەردەوامی لەگەڵ هاتن و دەرچوونی هەر مۆدیلێکی تازەی ئۆتۆمبێل رووە زیادی دەکات و دەبێتە هۆی جەنجاڵی و سەرپێچی یاسایش ڕێژەکەی بەرزدەبێتەوە. بەڵام ناکرێت بێدەنگبین لەبەرامبەر ئەم دیاردە زەقە ناشیرین و نایاساییەی کە ئێستاکە تەواوی کوردستان بە هەموو سەیرانگاو... پڕیەتی لەو ئۆتۆمبێلانە ژمارەشینانەی حکومەت. ئەو دیاردە دزی و گەندەڵییەکی زۆر ئاشکرایە لەلایەن چەند بەرپرسێکەوە لەنێو دەسەڵاتی حکومەت لەهاوولاتیان دەکرێت. بۆیە دەبێ ئەم دیاردەیە لەلایەن ڕۆژنامەنووس و میدیاکانەوە هێندە باسی لێوە بکرێت تا ئەو ئاستەی ڕای گشتی لەسەر دروست دەبێت و بەر بەم گەندەڵییە ئاشکرایە دەگیرێت.

فاکتەرگەلێك هەن کە میدیای کوردی بە هەموو جۆرەکانییەوە لاواز کردووە. بەڵام لێرەدا ناکرێت ئامارەبە تەواوی فاکتەرەکان بکرێت، بگرە لەوانەیە هەر پەیوەندیشی بە بابەتەکەی ئێمەوە نەبێت، بەڵکو دەمەوێت قسە لەسەر یەك هۆکاری لاوازی ڕاگەیاندنی کوردی بکەم. بە بۆچوونی من سەرەکیترین خاڵی هۆکاری لاوازی ڕاگەیاندنی کوردیە، ئەویش ئەوەیە کە لەکاتی ڕووداوێك یان هەر دیاردەیەکی زیانبەخش بە کۆمەڵگەکەمان هەروەها گەندەڵی و... لەکۆمەڵگەکەمان هەستی پێدەکرێت، ئەوا ڕاگەیاندنی کوردی بۆ ماوەیەکی زۆر کەم یان چەند چرکەیەك نیشانیەدات و چەند وتارێکی کورتی لەسەر دەنووسرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە میدیاکارەکان هەر ئاگاشیان لێی نییە، یان نایانەوێت قسەی لەسەر بکەن، دواتر بەیەکجاری فەرامۆش دەکرێت و کێشەکەش وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بگرە بەرەو خراپتریش دەچێت.

میدیای کوردی دەبێ زۆر بە جیدی لەسەر دیاردەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلە حکومییەکان لەدوای دەوامی فەرمی و ڕۆژانی پشوو، لەلایەن چەند بەرپرس و کەسێکەوەکە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاری دەهێنن بوویرانە قسەبکات تا ئەو ئاستەی کە ڕای گشتی لەسەر دروست دەکات، هەروەها دەبێ بەتوندی فشار لەسەر حکومەت و پەرلەمان دروست بکات بەدەرکردنی یاسایەك بۆ سزادانی ئەو جۆرە کەسانە کە ئەو ئۆتۆمبێلانە بەکاردەهێنن.

میدیای کوردی دەبێ حکومەت لەوە بە ئاگابێنێتەوە کە بەکارهێنانی ئەو ئۆتۆمبێلانە بەو ڕێژە زۆرەوە، زیانێکی زۆری هەیە بۆ سەر بوودجەی حکومەت، دیارە بوودجەی حکومەتیش مولکی هەموو تاکێکی ئەو هەرێمەیەو دەبێ بە یەکسانی لەدابینکردنی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی بۆ هاوولاتیان سەرف بکرێت و نەهێڵدرێت چەند کەسێك بە ئارەزووی خۆیان مولکی هاوولاتیان بۆ بەڕژەوەندی تایبەتی بەکاربهێنن.

Shaxewan_brai m@yahoo.com

خوێندکاران و گەڕانەوە بۆ نووسینەکانی هێربرت مارکۆز

بەرێز مەحمود عەلی

بێگومان هیچ ڕۆشنبیرێك یا خود ڕۆژنامەنووسێك یان نووسەرێك نییە لەدونیادا ناوبانگی (هێربرت مارکۆزی) نەبیستبێت، کە فەیلەسوفێکی بەرەگەز ئەڵمانییە، بەڵام هەر لەسەرەتای سەرکەوتنی نازیەکاندا وڵاتی خۆی بەجێ هێشت و لەئەمریکا نیشتەجێ بوو، ئەوەی لای ئێمە زۆر گرنگ بێت ئەوەیە کەدوو رووداو لەکۆتایی شەستەکاندا بەیەکتری دەبەسترێتەوە ئەویش توندوتیژی خوێندکاران و پەیوەندی مارکۆز بەخۆپیشاندانەکان ئەو ڕۆژگارە کە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکای گرتەوە بەتایبەتی فەرەنسا کەزۆر نەمابوو ببێتە شۆڕشێکی ڕاستەقینە، ئەو پرسیارەی دەکرێت هۆکاری سەرهەڵدانی توندوتیژی ئەو ڕۆژگارە چی بوو؟ کێ بەرپرسیار بوو؟ دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەسڵی مەسەلەو گرفتەکەی خۆمان کە ئەویش رووداوەکانی ئەم دوایەی خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی و دەرچووانی پۆلی شەشەمی زانستی و وێژەیی، هەروەها لەکۆتایی وتارەکەدا ئامارەیەکی کورت بەچینی خوێندکاران دەکەین بەشێوەیەکی گشتی لەنێو چینەکاندا! ئەگەر بێگومان هیچ ڕۆشنبیرێك یا خود ڕۆژنامەنووسێك یان نووسەرێك نییە لەدونیادا ناوبانگی (هێربرت مارکۆزی) نەبیستبێت، کە فەیلەسوفێکی بەرەگەز ئەڵمانییە، بەڵام هەر لەسەرەتای سەرکەوتنی نازیەکاندا وڵاتی خۆی بەجێ هێشت و لەئەمریکا نیشتەجێ بوو، ئەوەی لای ئێمە زۆر گرنگ بێت ئەوەیە کەدوو رووداو لەکۆتایی شەستەکاندا بەیەکتری دەبەسترێتەوە ئەویش توندوتیژی خوێندکاران و پەیوەندی مارکۆز بەخۆپیشاندانەکان ئەو ڕۆژگارە کە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکای گرتەوە بەتایبەتی فەرەنسا کەزۆر نەمابوو ببێتە شۆڕشێکی ڕاستەقینە، ئەو پرسیارەی دەکرێت هۆکاری سەرهەڵدانی توندوتیژی ئەو ڕۆژگارە چی بوو؟ کێ بەرپرسیار بوو؟ دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەسڵی مەسەلەو گرفتەکەی خۆمان کە ئەویش رووداوەکانی ئەم دوایەی خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی و دەرچووانی پۆلی شەشەمی زانستی و وێژەیی، هەروەها لەکۆتایی وتارەکەدا ئامارەیەکی کورت بەچینی خوێندکاران دەکەین بەشێوەیەکی گشتی لەنێو چینەکاندا! ئەگەر دەزانی؟ چونکە خوێندکاران و شۆڕشگێڕان سەوداسەری ئەو ڕۆژگارە مارکۆزیان زیاتر لەهەموو کەسێکی دی بەڕێنوێن و پێشەوای سیاسی خۆیان ڕاگەیاند تەنانەت هەندێ ڕستەی کتێبەکانی ئەویان بەبۆتە لەسەر دیوارەکان دەنووسی تا بەدونیای ڕابگەیەنین کە ئامانجیان پراکتیزەکردنی بیرو بۆچوونەکانی ئەوە، هۆکاری پێشەوایەتی و سیاسی مارکۆز دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ بیروڕا لەو سەردەمەدا پەرت و بڵاوبوون فۆرمەڵەی دەکردن و دەریدەبرین، سەرچاوە.. لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوا- چەند گفتوگۆیەکی فەلسەفی و ئەدەبی، وەرگێڕان- ئازاد بەرزنجی، ئەگەر بەڕاوردێکی کورت لەنێوان خۆپیشاندانەکانی ئەو ڕۆژگارەو خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی بکەین. دەبینین هۆکارەکەی ئەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بوونی فەسادی ئیدارەی لەهەمووی گرنگتر خەریکە فاشیزم سەرلەنوێ دروست دەبێتەوە، هەروەها جیاوازی کردن لەنێوان خوێندکارانی هەژارو دەوڵەمەند. وەبوونی پەرەوردەیەکی سەقەت لەدام و دەزگاکانی خوێندندا، کەسی شیاو لەشوێنی شیاو دانانرێت، هەروەها گوێ نەگرتن لەڕای گشتی کەڕای شەقام و خەڵکە، بەڵام ئێمە پێویستە جیاوازییەکی کورت لەنێوان کۆمەڵگای ئەوروپی و شەرقی تێبگەین، بۆ ئەم مەبەستە خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی بڕیاردرا بەشێوەی گرێبەست دایان بمەزرێنن، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ دامەزراندنی کاتی دوای دوو ساڵ دەبێتە هەمیشەیی، بەڵام پرسەکە ئەوەیە ئەم کێشەیە بۆ دروست بوو؟ لەڕاستیدا ئەسڵی مەسەلەکە بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێژەی فەرمانبەر لەم وڵاتە خەیاڵیە ئەو فەرمانبەرانەی جێگەی دەرچووی قۆناغی چوارەمی گرتووەتەوە کەوادری حیزبین بەواتایەکی تر لەم وڵاتە کادری حیزبی کراوەتە فەرمانبەر بەهەموو پلەکانەوە بۆ ئەم مەبەستە تەنیا ڕێژەی فەرمانبەر لەهەرێمی کوردستان ٣٣٪ ئەمەش لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەردەوام پاڵەپەستۆ دەکرێت بۆ ئەوەی ڕێژەی فەرمانبەر کەم بکرێتەوە، ئەمەش ڕێژەیەکی خەیاڵیە لەهیچ وڵاتێك نەبووە وەلای هەموان ئاشکرایە حیزب بودجەی تایبەتی خۆی هەیە مەفروزە حیزب بودجەی کادرەکانی دابین بکات نەك مووچەی هەبێت و کەوادری حیزبیش بکرێتە فەرمانبەر، دەپرسم ئایا ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی چۆن سەرهەڵدەدا؟ هەروەها ئەو زوڵمو ستەمەی بەرامبەر بەخوێندکارانی زانستی و وێژەیی کراوە لەهیچ وڵاتێك ناکرێت. دواتر تێناگەم پەیمانگای مامۆستایان لەهەموو دونیا پەیڕەو دەکرێت بەتایبەتی لەئەڵمانیا کەشوێن و پێگەی دامەزرا؟، بۆچی لەکوردستان دادەخرێت کراوە؟ بەپێرسپێکتنی خۆم ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەقەتی پەروەردەو فێرکردن باشترین بەڵگەش وەزیری پەروەردە دەیەوێ سیستەمی سوێد بەساڵێك پەیڕەوبکات، هەروەها ئەوەی وەزیری خوێندنی باڵا مەبەستی تەنیا کردنەوەی زانکۆ ئەهلیە بۆ ئەوەی خوێندکاران بەپارە لەهەمان کاتدا هیچ گرێنتییەکی یاسایی نییە، ئەوەی ماوەتەوە پێشنیاری بکەم خوێندکاران لەهەموو دونیادا گەر بیانەوێ کارێك ئەنجام بدەن دەتوانن باشترین بەڵگەش خۆپیشاندانەکان ساڵانی هەشتایەکان لەزانکۆی سلێمانی و سەلاحەددین و پەیمانگاکانی کەرکوك، کەدێزی ڕەندەترین ڕژێمی دونیا ئەنجامیاندا.

خوێندکاران و گەڕانەوە بۆ نووسینەکانی هێربرت مارکۆز

بەرێز مەحمود عەلی

بگەڕێینەوە سەر تەوەری یەکەم ئەویش بۆچی لەو ڕۆژگارەدا خوێندکاران لەسەرانسەری ئەوروپاو ئەمریکا خۆپیشاندانیان کرد؟ لەڕاستیدا چەند خاڵێك هەبوو هۆکارێك بوو بۆ خۆپیشاندانەکان، یەکەم: ئەو وچەیەی قوتابیان کە لەو ساڵانەدا دژ بەکۆمەڵگایەك چالاکیان دەنواندو هەموو ڕۆژێك نایەکسانی و ستەمودڵ ڕەقی و کاولکاری دەخستە روو، دووەم: فاشیزم لەرووی سەربازیەوە شکستی هێنابوو بەڵام هێشتا توانای سەرلەنوێ ژیانەوەی هەست نەکردنی گشتی بەئاسایش و لەوتانی ژینگەو وێرانی بوارەکانی فێرکردن و پەروەردەو کار.... هتد، سێیەم: بەهێزکردنی ریفۆرمخوازانی مارکسیست بوو لەوڵاتە کۆمەنیستەکانی ئەوروپا، چوارەم: تازەبوونەوەی مەیلی خەڵکی خۆرئاوا بەتایبەت لاوە خوێندکارەکانیان بۆ مارکسیزم، وە ئەو پرسەی سەرلەنوێ دروست دەبێت بۆچی خوێندکاران مارکۆزیان بەپێشەوای سیاسی خۆیان دەزانی؟ چونکە خوێندکاران و شۆڕشگێڕان سەوداسەری ئەو ڕۆژگارە مارکۆزیان زیاتر لەهەموو کەسێکی دی بەڕێنوێن و پێشەوای سیاسی خۆیان ڕاگەیاند تەنانەت هەندێ ڕستەی کتێبەکانی ئەویان بەبۆتە لەسەر دیوارەکان دەنووسی تا بەدونیای ڕابگەیەنین کە ئامانجیان پراکتیزەکردنی بیرو بۆچوونەکانی ئەوە، هۆکاری پێشەوایەتی و سیاسی مارکۆز دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ بیروڕا لەو سەردەمەدا پەرت و بڵاوبوون فۆرمەڵەی دەکردن و دەریدەبرین، سەرچاوە.. لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوا- چەند گفتوگۆیەکی فەلسەفی و ئەدەبی، وەرگێڕان- ئازاد بەرزنجی، ئەگەر بەڕاوردێکی کورت لەنێوان خۆپیشاندانەکانی ئەو ڕۆژگارەو خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی بکەین. دەبینین هۆکارەکەی ئەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بوونی فەسادی ئیدارەی، لەهەمووی گرنگتر خەریکە فاشیزم سەرلەنوێ دروست دەبێتەوە، هەروەها جیاوازی کردن لەنێوان خوێندکارانی هەژارو دەوڵەمەند. وەبوونی پەرەوردەیەکی سەقەت لەدام و دەزگاکانی خوێندندا، کەسی شیاو لەشوێنی شیاو دانانرێت، هەروەها گوێ نەگرتن لەڕای گشتی کەڕای شەقام و خەڵکە، بەڵام ئێمە پێویستە جیاوازییەکی کورت لەنێوان کۆمەڵگای ئەوروپی و شەرقی تێبگەین، بۆ ئەم مەبەستە خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی بڕیاردرا بەشێوەی گرێبەست دایان بمەزرێنن، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ دامەزراندنی کاتی دوای دوو ساڵ دەبێتە هەمیشەیی، بەڵام پرسەکە ئەوەیە ئەم کێشەیە بۆ دروست بوو؟ لەڕاستیدا ئەسڵی مەسەلەکە بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێژەی فەرمانبەر لەم وڵاتە خەیاڵیە ئەو فەرمانبەرانەی جێگەی دەرچووی قۆناغی چوارەمی گرتووەتەوە کەوادری حیزبین بەواتایەکی تر لەم وڵاتە کادری حیزبی کراوەتە فەرمانبەر بەهەموو پلەکانەوە بۆ ئەم مەبەستە تەنیا ڕێژەی فەرمانبەر لەهەرێمی کوردستان ٣٣٪ ئەمەش لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەردەوام پاڵەپەستۆ دەکرێت بۆ ئەوەی ڕێژەی فەرمانبەر کەم بکرێتەوە، ئەمەش ڕێژەیەکی خەیاڵیە لەهیچ وڵاتێك نەبووە وەلای هەموان ئاشکرایە حیزب بودجەی تایبەتی خۆی هەیە مەفروزە حیزب بودجەی کادرەکانی دابین بکات نەك مووچەی هەبێت و کەوادری حیزبیش بکرێتە فەرمانبەر، دەپرسم ئایا ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی چۆن سەرهەڵدەدا؟ هەروەها ئەو زوڵمو ستەمەی بەرامبەر بەخوێندکارانی زانستی و وێژەیی کراوە لەهیچ وڵاتێك ناکرێت. دواتر تێناگەم پەیمانگای مامۆستایان لەهەموو دونیا پەیڕەو دەکرێت بەتایبەتی لەئەڵمانیا کەشوێن و پێگەی دامەزرا؟، بۆچی لەکوردستان دادەخرێت کراوە؟ بەپێرسپێکتنی خۆم ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەقەتی پەروەردەو فێرکردن باشترین بەڵگەش وەزیری پەروەردە دەیەوێ سیستەمی سوێد بەساڵێك پەیڕەوبکات، هەروەها ئەوەی وەزیری خوێندنی باڵا مەبەستی تەنیا کردنەوەی زانکۆ ئەهلیە بۆ ئەوەی خوێندکاران بەپارە لەهەمان کاتدا هیچ گرێنتییەکی یاسایی نییە، ئەوەی ماوەتەوە پێشنیاری بکەم خوێندکاران لەهەموو دونیادا گەر بیانەوێ کارێك ئەنجام بدەن دەتوانن باشترین بەڵگەش خۆپیشاندانەکان ساڵانی هەشتایەکان لەزانکۆی سلێمانی و سەلاحەددین و پەیمانگاکانی کەرکوك، کەدێزی ڕەندەترین ڕژێمی دونیا ئەنجامیاندا.

ئەوان دژی دەستەگەری ئەو رەوتەیان راگەیاندووە

شۆڕش حاجی:

یەکێتیی نیشتیمانیی پرنسیپی حیزبایەتی تێدا نەماوە

میدیا - رانیە/ لە هەڤپەیڤێنێکی لەگەڵ (میدیا)دا، شۆڕش حاجی کە ماستەری لەسەر سەرچاوەکانی ئاو لەزانکۆی (سیتی) لە لەندەن‌و ماستەری لە سیستمی خوێندن لە بەریتانیا، لەزانکۆی گرینچ تەواو کردووەو ئێستا لەدوا قۆناغی شەهادەی دکتۆرایە لەزانکۆی ئێگزیتەر لەسەر هەستی نەتەوایەتی لەناو کورد. لەساڵی ١٩٧٦ەوە پەیوەندی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووەو، دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، بوو بە پێشمەرگەو بۆ ماوەی یانزە ساڵ پێشمەرگە بووە، دوا کاری لەپێشمەرگایەتیدا ئەندامی دەزگای ناوەندی ڕێکخستنی کۆمەڵە بووە. ئەو لەو هەڤپەیڤینەدا باس لە ئامانجەکانی (ڕەگ) دەکات‌و رەخنە لە شێوازی ئێستای کارکردنی یەکێتیی نیشتیمانیی دەگرێت.

میدیا: بە شێك لەچاودێرانی سیاسی‌دەڵێن (ڕەگ) بەئیفلیجی لەدایکبوو، چونکە بەر لەهەرشتێك پرنسیپە حیزبییەکانی ئەو حیزبەیان خستووەتە ژێر پرسیارو ئامادەکارییەکی پێشینەی بابەتیتان بۆ نەکردووە، هەر بۆیە مەکتەبی سیاسی‌یەکێتیی نیشتیمانیی بە سەرپەرشتی مام جەلال لەکۆبونەوەیەکی خۆیاندا ئیوەیان لەو حیزبە دەرکرد، ئایا ئەم بڕیارە بۆ لێدانی هەرجۆرە ریفۆرمێکە یان بۆ هەستیارکردنەوەی ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبەیە؟

- پێم وانییە ئەم بۆچوونە لەجێی خۆی بێ، چونکە ئێمە هیچ پرنسیپێکی ریکخراوەییمان تێك نەداوە. لەڕاستیدا یەکێتیی نیشتمانیی پرنسیپی حیزبایەتی تێدا نەماوە تاکو ئێمە خستبێتمانە ژێر پرسیارەوە، بەپێچەوانەوە ئەوە ئێمەین داوا دەکەین پرنسیپەکانی ڕێکخستن بگەڕێتەوە ناو یەکێتی. ئێمە دژی دەستەگەری‌و تەکەتول ئەو رەوتەمان راگەیاند، کەچی ئەوان ئێمەیان بە تەکەتولچی‌و سەرلێشێواو لەقەڵەمدا.

ئەو بڕیارەی مەکتەبی سیاسیش لەبەر ئەو دەنگدانەوە گەورەو ئەو پشتیوانییە کەم وێنەیەی ئەندام‌و لایەنگرانی یەکێتی بوو بۆ راگەیاندنەکەمان. هەروەها بۆ ئەوەیان بوو خەڵك بترسێنن‌و تاکو ئەندام‌و کادیرەکانی تری یەکێتی بە ئاشکرا پشتیوانی لە ڕەگ نەکەن.

میدیا: لەئزیکەکانی مەکتەب سیاسییەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی بیستراوە مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە ڕۆڵی لەدروستکردنی ئەو بڕیارە بۆ دەرکردنی ئیوە لە یەکێتی دا بینیوەو، ئایا ئێوەش وێستتان حیزبێك لەیەکێتیی نیشتیمانیی جیابکەنەوەو ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە سنوردار بکەن؟

- ئەگەر ئێمە بمانویستایە حیزبێکی تر دروست بکەین، هیچ شتێك لەبەردەممانداە ڕێگر نەبوو لەوەی ئەوە بکەین. بەڵام ئێمە ئەوەمان نەکرد، بەڵکو رەوتێکمان لەناو یەکێتی راگەیاند. ئەو راگەیاندنەشمان نەك نەبوو بەهۆی سنووردارکردنی یەکێتی بەڵکو کارێکی وایکرد سەدان کادیرو هەزاران ئەندامی یەکێتی کە چەندین ساڵە لە یەکێتی دابڕاون‌و پەراوێزکراون بە تینو تەوژمێکی لەجاران گەرمتر‌ەوە بێنەوە ناو یەکێتی، چونکە ئەوانە هیوایەکیان لا دروست بووەوە، کە ئەویش ئەوەیە هێشتا دەکرێ گۆڕان لەناو یەکێتییدا بکرێت. لەئوستراڵیاوە تا ئەمریکا، لە وەرتێ‌و چۆمانەوە تا خانەقین‌و کفری خەڵك بە پیر راگەیاندنەکەمانەوە هاتوون.

میدیا: حەمە تۆفیق رەحیمی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پێشوی یەکێتیی نیشتیمانیی گوتویەتی ئەگەر (ڕەگ) بێنە ناو کۆمپانیای وشە، ئەوا وەریاندەگرین، بۆچی ئیوە لەبنەمادا یەك هەنگاو هەڵویست نین؟

- من ئەو تەسریحەی کاك (حەمە تۆفیق)م نەدیوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە ئێمە رەوتێکی گۆڕانکاریمان لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان راگەیاندووە بەنیازی گۆڕانی بنەڕەتی لەبەرنامەو پەیام‌و پێکهاتەی یەکێتی، بەڵام کۆمپانیای وشە، ئەوەندەی من بزانم، کۆمپانیایەکی راگەیاندنی سەربەخۆیە. کارو بەرنامەی ئەوان لەگەڵ ئەوەی ئێمە دوو شتی جیاوازن.

میدیا: هەوڵێکی دی بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوخۆی یەکێتیی نیشتیمانیی لەلایەن عومەر شێخ موس‌و مولازم عومەر هەردوو ئەندام مەکتەب سیاسییەکەی پێشوی ئەو حیزبە بۆ باسی لێوە دەکرێ، دەگوترێ ئەوشیروان مستەفاش ئەرمییەکی ئواندووە، ئەوان ئەگەر پێکهاتنەوە هەڵویستی ئێوە کە تائێستاش خۆتان بەڕێکخستنی ئەو حیزبە دەزانن چی دەبێ، هیچ لەبیرۆکەو تێبینییەکانتان دەگۆڕێ یان شتێکی تر؟

- من ئاگام لە وردەکاری بەرنامەی کاری ئەو بەڕێزانە نییە کە ناوبرێوانی دەکەن‌و نازانم کاك نەوشیراون ئەگەر ئاشتبێتەوە، وەك ئێوە دەڵێن، لەگەڵ کێ‌و لەسەرچ بنچینەیەك ئاشت دەبێتەوە. بەڵام ئێمە ئامانجەکانمان روونەو لە هەموو حاڵەتێکدا ئێمە لەسەر کارەکانمان بەردەوام دەبین تا بە ئامانجەکانمان دەگەین. ئامانجی ئێمە بریتییە لەگۆڕینی بنەڕەتی لەبەرنامەو پەیام‌و پێکهاتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لەهەمانکاتدا دەستخۆشی لەهەر هەنگاوێك دەکەین کە چاکسازی‌و گۆڕانی بەرەو باشەی لێبکەوێتەوەو قازانجی بۆ گەلەکەمان هەبێ‌و یەکێتی بهێنێتەوە سەر شارێی شیاوی خۆی.

میدیا: دەڵێن ئیوە سکاڵاتان لە ئەنتەرناسیۆنالی جیهانی لەسەر ریەکێتیی نیشتیمانیی تۆمار کردووە، ناوەڕۆکی ئەو سکاڵایە چییە، ئایا ئەو هەوڵە پتر بۆ لێدانی بزوتنەوەی کورد نییە وەك لەناشیرینکردنی یەکێتیی یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان راگەیاندووە بەنیازی گۆڕانی بنەڕەتی لەبەرنامەو پەیام‌و پێکهاتەی یەکێتیی نیشتمانیی بەڵام کۆمپانیای وشە، ئەوەندەی من بزانم، کۆمپانیایەکی راگەیاندنی سەربەخۆیە. کارو بەرنامەی ئەوان لەگەڵ ئەوەی ئێمە دوو شتی جیاوازن.

میدیا: هەوڵێکی دی بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوخۆی یەکێتیی نیشتیمانیی لەلایەن عومەر شێخ موس‌و مولازم عومەر هەردوو ئەندام مەکتەب سیاسییەکەی پێشوی ئەو حیزبە بۆ باسی لێوە دەکرێ، دەگوترێ ئەوشیروان مستەفاش ئەرمییەکی ئواندووە، ئەوان ئەگەر پێکهاتنەوە هەڵویستی ئێوە کە تائێستاش خۆتان بەڕێکخستنی ئەو حیزبە دەزانن چی دەبێ، هیچ لەبیرۆکەو تێبینییەکانتان دەگۆڕێ یان شتێکی تر؟

- من ئاگام لە وردەکاری بەرنامەی کاری ئەو بەڕێزانە نییە کە ناوبرێوانی دەکەن‌و نازانم کاك نەوشیراون یان لەناو یەکێتی هیچ دەزگایەك هەیە کە ئێمە بتوانین شەکوای خۆمانی لا بکەین؟

یەکێتی ئەندامی سۆشیال ئینتەرناشناڵەو سکرتێری گشتی یەکێتی یەکێکە لەو ٣٧ جێگرەی سەرۆکی سۆشیال ئینتەرناشناڵ. بۆیە ئێمە ئەو دەزگایە بەتاکە دەزگا دەزانین کە دەکرێ شەکوای حاڵی خۆمانی لا بکەین.

میدیا: پارتی دیموکراتی کوردستان یان هەر لایەنێکی تری سیاسی، ئیستیجابەیان لە پێشوازی (ڕەگ) چیبووە، پێتان وایە ئەو هەوڵانە دەبێ هەمەلایەن‌و گشتگیربن؟

- زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان‌و ئەندام‌و لایەنگرانی یەکێتی لەئەدائی حیزبەکان‌و حکومەتی کوردستان ناڕازین‌و لە گەندەڵی بێزار بوون‌و دەیانەوێ چاکسازی لەناو حیزب‌و حکومەتدا بکرێ‌و پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان دابین بکرێ. ئەو کارەی ئێمەش بۆ ریشەکێشکردنی گەندەڵییە‌و ئامانجی ئێمە پاراستنی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان‌و بەدیهێنانی ئامانجە بەدی نەهاتووەکانە. بۆیە پێمان وایە هەر حیزب‌و ڕێکخراوێك بەڕژەوەندی کوردی بەلاوە مەبەست بێ، پشتیوانی لەداواکانی ئێمە دەکا. چونکە ئێمە دەمانەوێ کۆمەڵگەیەکی شارستانی لە کوردستان دامەزرێ کە یاسا تیایدا سەروەر بێ‌و دادوەری کۆمەڵایەتی فەراهەم بکرێ.

میدیا: ئایینده‌ی یەکێتی چۆن دەبینی، لەکاتێکدا بەرەو کۆنگرە دەڕوات، پێت وایە ئاکامەکانی بچنە چوارچێوەی خزمەتکردن بەو حیزبە؟

- جارێ روون نییە کۆنگرە دەبەسترێ یان نا، کەسیش نازانێ کەی‌و چۆن دەبەسترێ. ئەگەر کۆنگرە بەم وەزعی پاشاگەردانییەی ئێستای یەکێتی ببەسترێ ئەوا ناکرێ چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرێ کە کێشە کەلەکەبووەکانی چەند ساڵەی یەکێتی لەکۆنگرەدا چارەسەر بکرێ. دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی یەکێتی سەلماندوویانە کە رای جیاوازو هەوڵی جیددی بۆ گۆڕان قبووڵ ناکەن‌و ئامادە نین واز لەدەسەڵاتەکانیان بهێنن.

ئێمەش کۆماری کوردستانمان دادەمەزراندەوەو سەرۆك‌و هەموو دامودەزگاکانمان بۆ ڕێکدەخست. کوردی رۆژهەڵات ئەوەندە پسپۆرو کارناسی خوێندەواری هەیە کە دەوڵەتێکی تەواوی پێ بەڕێوەدەچێ. ئەمە تەکانێکی گەورەی سیاسیی‌و سایکۆلۆژی دەبوو بۆ کوردی رۆژهەڵات.

بەڵام کاتێ حیزبەکان هەموو پێکەوە لەدەوری مێزێك کۆنابنەوەو پێوەندییەکان ئاڵۆزە، ناچارین لەمیکانیزمە سەرەتاییەکانەوە دەست پێبکەین.

میدیا: پێوەندیی ئێوان ئەنجوومەنێك لەگەڵ حیزبەکان چۆن دەبێ، لەکاتێکدا حیزبەکان هێزی سەرەکی گۆڕەپانەکەن؟

- ئەم ئەنجوومەنە، یان هەر ناوێکی دیکەی لەسەر بنرێ، دەستەی هاوکاریی حیزبەکان نییە، بەڵکو کەسایەتییە دیارەکانی ناو حیزبەکان‌و کەسایەتییە سەربەخۆکان، ئەم ئەنجوومەنە پێکدێنن‌و ئەنجوومەنەکە کەسایەتی حقوقی تایبەت بەخۆی دەبێ. ئەم ئەنجوومەنە بریارێك دەدا، یان لەسەر پێشهات‌و بابەت‌و رووداوەکان لەو شتانەدا کە دەکرێ تەوافوقی لەسەر بێ، بەتەوافوقی هەموان سیاسەت دادەڕێژێ. پاشان حیزبەکان ئەو سیاسەتانە بە عەقڵ‌و میکانیزمی تایبەت بەخۆیان پراکتیزە دەکەن یان لەئاستی کۆمەڵگەدا بانگەشەو کاری بۆ دەکەن. با وای دابنێین، پەرلەمانێکە و فراکسیۆنی جۆراوجۆرو رکەبەری یەکتری تێدایە. بڵێە خۆ ئەگەر بەیانی لە کوردستانی ئازادا یان هەر لەو کۆماری کوردستانەدا کە باسم کرد، پەرلەمان دابمەزرێ، کەس نازانێ چونکە فلان کەسی تێدایە من نابم. یان ئەگەر فیسارە کەس ئەندام پەرلەمان بێ من نایکەم. با وای دابنێین ئەم ئەنجوومەنەی ئێمە پێشنیارمان کردووە پەرلەمانێکەوهەر حیزبێك نوێنەرو فراکسیۆنی خۆی هەیە.

میدیا: وەڵامی حیزبەکان بەم پێشنیارەی ئێمە چیە؟

- چاوەڕێ مەبن حیزبەکانی ئێمە راگەیەندراوی پێشوازی‌و پشتیوانی بە پێشنیارو داهێنانەکانی یەکتر دەرکەن. ئێمە کوردین. فەرهەنگە سیاسییەکەمان ئەوەیە کە هەیە. هەر وەك چۆن لەکۆمەڵگەکەماندا کەس دان بە کەسیتردا نانێ‌و کەس چاکەی کەس نانێ‌و کەس کەلاکی کەسی جگە لە هی خۆی پێباش نییە‌و کەس دان بەزانایی‌و ژیریی کەسیتردا نانێ، فەرهەنگی حیزبە سیاسییەکانیش هەر وایە.

حیزبەکانی کوردستان تەنانەت بە شەهید بوونی تێکۆشەرانی یەکتریش ئێرەیی دەبەن. تێکۆشەرێك کە بە دەستی دوژمن شەهید دەبێ، ئەوانی دیکە ناوو ناتۆرەی دەخەنە پاڵ. حیزبێك کە سێیەم، لەسەر بۆنە نەتەوەیی‌و سیاسیی‌و مێژوویەکانی کوردستان هەماهەنگی لەهەڵوێستی سیاسی پێکبێنێ. وەك هەڵوێست لەسەر ٣٠ ساڵەی دەرچوونی جیهاد دژی کورد. وەك ساڵوەگەری کوشتاری زیندانیانی سیاسیی. وەك کوشتاری قارنێ، وەك ٢ی ڕێبەندان، وەك ٣٠ ساڵەی ڕیفراندۆمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی. وەك هەڵوێست لەسەر شانۆگەرییەکانی هەڵبژاردن لە ئێران‌و بۆنەکانی دیکە.

میدیا: ئەم ئەنجوومەنە بەم کارانەوە بە بەراورد لەگەڵ بەرەی کوردستانی کە چەند ساڵێك بووە جێ باسی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، سەرەتای گەرانەوە نییە بۆ دوواوە؟

- بەڵێ ڕاستە، ئەم هەنگاوە میکانیزمە زۆر سەرەتایین لەچاو ئەو ئەرکانەی بزووتنەوەی سیاسیی‌و حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵات دەبوو بیکەن. بەڵام ئەمە بە خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەی نەخشەی سیاسیی‌و دۆخی پێوەندیی نێوان حیزبەکانە. دەنا ئەگەر بە دەست ئێمە بێ، هەر ئێستا، هەموو حیزبەکان کۆببنەوەو بەرەی کوردستانی رابگەیەنن. لە وەش زیاتر، وەك لە پرۆگرامی PAK پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەمدا هاتووە، دەسبکەین بە دروست کردنی قەوارەی دەوڵەتی رۆژهەڵاتی کوردستان. واتە دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان.

کاتێ کە ئێمە کۆنگرەی یەکەممان کۆتایی هات، تەلەفزیۆنێکی ئێراقی لەهەواڵەکانی دا بڵاوی کردەوە کە "کوردەکانی ئێران کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی کۆماری کوردستان رابگەیەنن". ماوەیەك دواتر پەیامنێری کەناڵی ئەلعەرەبییە لەوتوێژێك لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراقی فیدراڵدا لێی پرسی ئەویش گوتی "هەروەك لە هەواڵەکانداگوێ بیستی بووین کوردەکانی ئێران کۆنگرەیەکیان بەستووە بۆ راگەیاندنی کۆماری کوردستان". ئەگەر بەقسەی ئێمە بێ یان ئێمە بتوانین ئەو کارە بکەین بە خێرایی پێکەوە لەگەڵ حیزب‌و کەسایەتییە سیاسییەکان، هەروەك چۆن ژەنەراڵ دیگۆل لەکاتی داگیرکردنی فەرەنسادا، لەبەریتانیا کۆماری فەرەنسای ئازادی راگەیاند، دیکەش دروشمی بەرەو هاوکارییان هەڵگرت. بۆیە (بەرە) بووە باسێکی گەرم‌و گوڕو گشتی. بەداخەوە لەو دەورەیەدا حیزبە سیاسییەکان نەیانتوانی بگەنە قەناعەتێکی هاوبەش. بۆیە لە ٢٠٠٥/٣/٥ەوە ئیتر رەوتەکە بەرەوکزی ڕۆیشت. ئێستاش ئەو جیابوونەوانەی لە حیزبی دیموکرات‌و کۆمەڵەدا روویان‌داوەو ئاکامەکانی دۆخێکیان لە پێوەندییەکاندا دروست کردوە کە بوار بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی نییە.

پێکهێنانی بەرە، بەر لە هەموشتێك پێویستی بە هەبوونی پێوەندیی ئاسایی‌و بگرە باش لەنێوان هێزەکاندا هەیە. ئێستا پێوەندییەکان نا ئاسایین، باشنین. بۆیە نەك بەرە، بەڵکو هیچ شکلێك لە هاوکاریی لەنێوان هەموو حیزبەکان پێکەوە لەحاڵی حازردا سەرناگرێ.

میدیا: تۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی هەماهەنگیی سیاسییت پێشنیار کردووە، پێکهاتەو کاری ئەو ئەنجوومەنەی کە ئێوە پێشنیارتان کردووە چی دەبێ؟

- ئەنجوومەن سەرەتا لەکەسایەتییە دیارو ناسراوەکانی ریزی حیزبەکان پێکدێ. پاشان بەهۆی هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو کەسایەتی سەربەخۆ، بەتەواوفوقی هەمووان ئەو کەسایەتیانەش کە بۆ دامەزراوەیەکی ئەوتۆ شیاون، بانگهێشتی ئەندامەتی دەکرێن. ئەنجوومەن پرۆگرام‌و پێڕەو بۆ خۆی دادەنێ‌و دەستبەکار دەبێ. ئەنجوومەن دامەزراوێك دەبێ بۆ هەماهەنگیی سیاسیی لەبزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەم ئەنجوومەنە دەتوانێ زۆرکار بکا. بەڵام لانی کەمی کاری دەتوانێ ئەوەبێ کە:

یەکەم: لەجێدا ئەو پەرش‌و بڵاوییەی‌کە باڵی بەسەر بزووتنەوەی سیاسیی‌رۆژهەڵاتی کوردستاندا کێشاوە، بەراددەیەك‌و لەشوێنێکدا تۆزێ گردو کۆبکاتەوەو سەنتەرێکی بڕیاری سیاسیی بێ.

دووەم: لە پرس‌و بابەتە سیاسییە گشتییەکاندا، هەماهەنگییەکی سیاسیی پێکبێنێ، بۆ نمونە هەماهەنگی لە ڕێکخستنی پێوەندیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان. یان لەگەڵ دەوڵەتەکان‌و کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان.

کارو بەرنامەی کۆمپانیای وشە، لەگەڵ ئەوەی ئێمەدا دوو شتی جیاوازن

دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی یەکێتی سەلماندوویانە کە رای جیاوازو هەوڵی جیددی بۆ گۆڕان قبووڵ ناکەن‌و ئامادە نین واز لە دەسەڵاتەکانیان بهێنن

حیزبەکان هەموو پێکەوە لە دەوری مێزێك کۆنابنەوەو پێوەندییەکان ئاڵۆزە

هەڵۆ مەرگەیی
halomargay@yahoo.com

حوسێن یەزدانپەنا:

حیزبەکانی کوردستان تەنانەت بە شەهید بوونی تێکۆشەرانی یەکتریش ئێرەیی دەبەن

میدیا - هەولێر/ حوسێن یەزدانپەنا ساڵی ١٩٦٦ لە هەرێمی موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. لەساڵی ١٩٧٩ەوە لەریزی ڕێکخراوی چریکە فیدائییەکانی گەلی ئێراندا تێکەڵ بەخەباتی سیاسیی بووە. ساڵی ١٩٩١بووەتە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو پاشان دوای تیرۆری سەعیدی برای تا ساڵی ٢٠٠٦ سکرتێری گشتی پارتی ئازادیی کوردستان (یەکێتی شۆڕشگێڕانی پێشوو) بووە. لەساڵی ٢٠٠٦ ەوە بەجێگری سەرۆکی ئەو پارتە هەڵبژێردراوە. (میدیا) لەبارەی پرسی دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی لەنێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڤپەیڤێنێکی لەگەڵ سازکرد.

میدیا: ماوەیەك لەمەوبەر لەیەکێك لە دەزگا راگەیاندنەکاندا گوتت لە هەڵومەرجی ئێستادا بەرەی کوردستانی پێك نایە، تۆبۆچی گەیشتیتە ئەو بڕوایە؟

- پارتی ئازادیی کوردستان داهێنەری بیری دامەزرانی بەرەی کوردستانییە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە بەیاننامەی دامەزراندنی PAKدا کە لە ٣٠مایسی ١٩٩١ دەرچووە، بەندێکی تەواوی تەرخان کراوە بۆ باسی بەرەی کوردستانی. بۆیە ئێمە وەك داهێنەری ئەو بیرە، هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی بە ئەرکێکی سەرەکیی خۆمان زانیووە.

لەماوەی پێنج ساڵ لەمەوبەر ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زەرورەتی دامەزراندنی بەرە گەیشتن‌و حیزبەکان نییە، بەڵکو کەسایەتییە دیارەکانی ناو حیزبەکان‌و کەسایەتییە سەربەخۆکان، ئەم ئەنجوومەنە پێکدێنن‌و ئەنجوومەنەکە کەسایەتی حقوقی تایبەت بەخۆی دەبێ. ئەم ئەنجوومەنە بریارێك دەدا، یان لەسەر پێشهات‌و بابەت‌و رووداوەکان لەو شتانەدا کە دەکرێ تەوافوقی لەسەر بێ، بەتەوافوقی هەمووان سیاسەت دادەڕێژێ. پاشان حیزبەکان ئەو سیاسەتانە بە عەقڵ‌و میکانیزمی تایبەت بەخۆیان پراکتیزە دەکەن یان لەئاستی کۆمەڵگەدا بانگەشەو کاری بۆ دەکەن. با وای دابنێین، پەرلەمانێکە‌و فراکسیۆنی جۆراوجۆرو رکەبەری یەکتری تێدایە. بڵێە خۆ ئەگەر بەیانی لە کوردستانی ئازادا یان هەر لەو کۆماری کوردستانەدا کە باسم کرد، پەرلەمان دابمەزرێ، کەس نانێ چونکە فلان کەسی تێدایە من نابم. یان ئەگەر فیسارە کەس ئەندام پەرلەمان بێ من نایکەم. با وای دابنێین ئەم ئەنجوومەنەی ئێمە پێشنیارمان کردووە پەرلەمانێکەوهەر حیزبێك نوێنەرو فراکسیۆنی خۆی هەیە.

میدیا: وەڵامی حیزبەکان بەم پێشنیارەی ئێوە چییە؟

- چاوەڕێ مەبن حیزبەکانی ئێمە راگەیەندراوی پێشوازی‌و پشتیوانی بە پێشنیارو داهێنانەکانی یەکتر دەرکەن. ئێمە کوردین. فەرهەنگە سیاسییەکەمان ئەوەیە کە هەیە. هەر وەك چۆن لەکۆمەڵگەکەماندا کەس دان بە کەسیتردا نانێ‌و کەس چاکەی کەس نانێ‌و کەس کەلاکی کەسی جگە لە هی خۆی پێباش نییە‌و کەس دان بەزانایی‌و ژیریی کەسیتردا نانێ، فەرهەنگی حیزبە سیاسییەکانیش هەر وایە.

حیزبەکانی کوردستان تەنانەت بە شەهید بوونی تێکۆشەرانی یەکتریش ئێرەیی دەبەن. تێکۆشەرێك کە بە دەستی دوژمن شەهید دەبێ، ئەوانی دیکە ناوو ناتۆرەی دەخەنە پاڵ. حیزبێك کە سێیەم، لەسەر بۆنە نەتەوەیی‌و سیاسیی‌و مێژوویەکانی کوردستان هەماهەنگی لەهەڵوێستی سیاسی پێکبێنێ. وەك هەڵوێست لەسەر ٣٠ ساڵەی دەرچوونی جیهاد دژی کورد. وەك ساڵوەگەری کوشتاری زیندانیانی سیاسیی. وەك کوشتاری قارنێ، وەك ٢ی ڕێبەندان، وەك ٣٠ ساڵەی ڕیفراندۆمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی. وەك هەڵوێست لەسەر شانۆگەرییەکانی هەڵبژاردن لە ئێران‌و بۆنەکانی دیکە.

میدیا: ئەم ئەنجوومەنە بەم کارانەوە بە بەراورد لەگەڵ بەرەی کوردستانی کە چەند ساڵێك بووە جێ باسی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، سەرەتای گەرانەوە نییە بۆ دوواوە؟

- بەڵێ ڕاستە، ئەم هەنگاوە میکانیزمە زۆر سەرەتایین لەچاو ئەو ئەرکانەی بزووتنەوەی سیاسیی‌و حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دەبوو بیکەن. بەڵام ئەمە بە خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەی نەخشەی سیاسیی‌و دۆخی پێوەندیی نێوان حیزبەکانە. دەنا ئەگەر بە دەست ئێمە بێ، هەر ئێستا، هەموو حیزبەکان کۆببنەوەو بەرەی کوردستانی رابگەیەنن. لە وەش زیاتر، وەك لە پرۆگرامی PAK پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەمدا هاتووە، دەسبکەین بە دروست کردنی قەوارەی دەوڵەتی رۆژهەڵاتی کوردستان. واتە دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان.

کاتێ کە ئێمە کۆنگرەی یەکەممان کۆتایی هات، تەلەفزیۆنێکی ئێراقی لەهەواڵەکانی دا بڵاوی کردەوە کە "کوردەکانی ئێران کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی کۆماری کوردستان رابگەیەنن". ماوەیەك دواتر پەیامنێری کەناڵی ئەلعەرەبییە لەوتوێژێك لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراقی فیدراڵدا لێی پرسی ئەویش گوتی "هەروەك لە هەواڵەکانداگوێ بیستی بووین کوردەکانی ئێران کۆنگرەیەکیان بەستووە بۆ راگەیاندنی کۆماری کوردستان". ئەگەر بەقسەی ئێمە بێ یان ئێمە بتوانین ئەو کارە بکەین بە خێرایی پێکەوە لەگەڵ حیزب‌و کەسایەتییە سیاسییەکان، هەروەك چۆن ژەنەراڵ دیگۆل لەکاتی داگیرکردنی فەرەنسادا، لەبەریتانیا کۆماری فەرەنسای ئازادی راگەیاند،